**پشکۆنەجمەدین**

## ((سرووتەکانی ئەشق لە میحرابی کەلاوەدا!)).

**شیعرێک لە دیوانی ((بە تیرۆژێک لە نیگای تۆ....))**

دەتبا وەک پووشی دەمبا بۆ سێبەری بن نیوەدیواری کەلاوەیەک، خەون.
بەرماڵەسێبەرێک لەژێر چنگەکرێی خۆر و باران و
زریانی زەماندا مانایەک لە رەنگی رانەگرتووە.
بەرماڵێک، لێرەدا گشت رۆژێک چەند شەقاوان پێش سپێدە،
ریشە سپییەکەی باوک چوار ماچانی لێ دەچاند و بە ئاوی دوعاکانی دایک
سەوز دەبوو..
دەکاتە پشکۆیەک ئەم خەونە و
هەر بستێک ئەولاتر لە سێبەر، لە چاوی پڕ سیحری ماڵێکدا دەتنێژێ...
ماڵێک ئاوەدان بە گەرمیی دەستە فریشتەییەکانی دایک و
سەررێژ لە رووناکایی وێرد و تەهلیلەی خەڵوەتکێشانی باوک...
لێرەدا، لە نێو دڵی شیخاڵشیخاڵی کەلاوەیەک کە رۆژگارێک لێوانلێو
لە حەرفەکانی ئەشق و هەڵژەنراو لە بۆنی گوڵاوی جووتبوون،
ئەمێستا لەژێر قورسایی ئەو نزا باڵسووتاوانەی بە هیچ شوێنێک نەگەیشتن،
بە ونبوون و دابڕان سیخناخ!.
لێرەدا، لەسەر دەستە پڕ فەڕەکانی خۆرەتاو،
لە شوێنونبوونی ژانی ژنێک، دڵێک لە پێکەنین بزووت و
جەستەیەک لە خەون پڕ بوو لە گوڵ، بوو بە رووبار و
لە توێی شەپۆلاندا شارێک کەوتە سەما...
ژانی ژنێک هەناسە وەبەر ماڵێک دەکا..

ماڵێک بە غەریزەی مانەوە بە چرۆ دەخەملێ و
باخێک لە وەنەوشە دەبێتە شار؛
شارێک، لە گوناهستانی خۆیدا، لە مولحیدبوونی بەندە یاخییەکانی و
دڵڕەقیی خوا، دەبێتە کەلاوە!.
تۆ!... لە باخچەی لەڕەنگ بەجێماوی کەلاوەەشارێکدا دەبیتە دارستان..
هەتاکو یادوەریت بڕ بکات:
درەختە و ئەستێرەی گرتووە،
کانییە و گۆرانی بۆ جوانیی مانگ دەڵێ،
خونچەیە و هەناسەی کازیوە هەڵدەمژێ،
ئاشقە و لە زەویی ئەویندا دەڕەقسێ!..

لە چاوی خەوندا هەڵدەچی!. دەبیتە دوو دەستی دوعایەک.
دەگەیتە بەر تەختی خواوەند و ئیتر تۆ:
توێژاڵێک لە گڕ و دەکشێیتە فەزایەک لە نووری خودایی و
دووبارە دەڕژێیتە نێو کۆچە و شەقام و نێو حەوشەی
ئەو ماڵەی سەردەمێک ماڵێک و
شارێک و
جیهانێک لە خەون و
تەمەننا و هیوا بوو!...
کانییەکەی بەرماڵان، شاتوویەک بەهاران بە پەلکەزێڕینە،
هاوینان بە مزریی چێژێک و بە بۆنی بەرۆکی کچۆڵان داپۆشراو...
چنارە گەورەکەی سەر حەوزی مزگەوت و سەرسەکۆی پڕ ئەشقی
مورید و خواناسان، سەرچڵی دەتکاتە ریشۆڵە و لەوێوە هەڵدەفڕی..
فڕین بەرەو:
ئەو فەزایانەی بە زەوی ناگەنەوە،
ئەو رۆشناییانەی ژوانێکیان لەگەڵ تاریکیدا نییە،
ئەو ( کانیشێخ) و ( کوڵەبۆز) و ( حەمەوخان)ـانەی
کە بۆنی کتێبەکانی کیمیا و شووشەی بەتاڵی مەینۆشانیان لێ دەڕژێ!...
بەرەو (کانییەقوڵکە) و ( کانیئاشقان)ەکان کە هێشتا

( بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵنار)ی دولبەرانیان بە ئاهی
( تایەربەگ) دەترازێن!..
بۆ ژێر گورزەتیشکی پەنجەرە ئاڵووالاکانی ماڵێک کە لەوێدا
( بەگزادە) دامەکەی بە ( سۆن ) دۆڕاند!.
چ دۆڕانێکی ئەبەدی بوو!.

بفڕە!..
فڕینێکی بێ نیشتنەوە، بەرەو ئەو قاپییە بە ئاستەم درزتێکەوتووەی
بە ئاسمانی کۆلانی پشتەوە هەڵواسراوە..(چرۆ)یەک بە کراسێکی مۆری
نیوەڕووتەوە، بەرقێک لە حەزی ئەشقێکی شەرمێونی کچۆلانەت تێ دەگرێ و
جورئەتی وەرگرتنی نامەیەک ناکا کە بە ئارەقەی دڵت خووساوە!... بەرقێک
کە دەهرێکە لە ناختدا تیشک دەهاوێ!.
بفڕە چاوی ئەو ئەستێرانەی شەوانە بەدەم وەنەوزدانی دەرسەکانی
ماتماتیکەوە پەلیان دەگرتیت و تەختێکیان لە ریحانە لەگەڵ ئەو (گوڵە)
تازە بە ژنبووەی دراوسێتان بۆ چێ دەکردیت.
هەر بستێک ئەولاتر، ئەڵقەڕێزی ئەو دەروازە مەمکرێژە راوەشێنە!
وەژوور کەوە!.. حەوشەکە بەردڕێژە.. تارمەکە خشتی سوور.. پەنجەرەکان
بە ڕەنگی گێلاس.. گمەی کۆترەکان و ئاخ و ئۆخژنی ژنە ئاڵۆشنەکەی
کرێچیتان، وک هەمیشە یەکدی دەخۆنەوە!.

بفڕە!...
لەسەر پشتی کاکێشان کوختێک لە ماچەکانی بەرائەت بۆ راکشانی رۆحت
هەڵبچنە!
لە دارکاژەکانی کوفر و بزمارەکانی یاخیبوون تابوتێک بۆ جەستەت
ساز بکە!
لە تیشکەلانی ئەستێرانەوە تاوێرێک تیشک بۆ ئەشکەوتی ئەسحابان
بهاوە!
گڕ بەردە لە تاریکستانی سەدەکانی سڕبوون و شمشێرە ژەنگاوییەکانی
موعجیزە!

ئەو پردانەی فەلسەفەی جەنگە دۆڕاوەکانیان بۆ گۆڕستانەکانی سەرکەوتن
پەڕاندەوە، هەڵتەکێنە!
تیرۆژێک لە رووخساری خوا بەسەر خەراباتی شاردا کە ترووسکەی نووری
خامۆشە، بڕژێنە!
لە تێفکرینی ( حەزرەت)* بۆ خەراباتی دنیا لەو بەرزەوە رابمێنە!
بۆ خراپەی ئەهلی بەدمەستانی، سوجدەی شەفاعەتێک بەرە!
لەگەڵ خوادا پەیامی نەنیشتنەوە لەسەر ئەم ( وێرانەخاک)ە ببەستە!
لە وێرانیی ئەم شارە شپڕێوەدا جێگایەک بۆ پاکیزەیی تۆ و
بەرائەتی فریشتەکانی ئەشق نەماوە!
لە ساپیتەی یەقینڕێژی ئەم ماڵە بێ دەنگ و رەنگەدا،
درزێک بۆ پێدزکەی گومان و
پرس و
تێهزرین نەماوە!.
مەنیشەوە!

هیچ نەماوە!.

**2001/ 4 / 11 _ 8**

+حەزرەتی مەحوی کە دەفەرموێ:
شوکر هوشیارە (( مەحوی)) تێ دەگا دنیا خەراباتە
کە بەدمەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم!